٢٠٢٤-٣-٢٠

بەڕێزان بەشدارانی کۆنگرەی ڕێکخراوەی دیموکراتیکی یارسان پێشەکی سڵاو و ڕێز.

بەبۆنەی گرتنی کۆنگرەکەتان پڕ بەدڵ پیرۆزبایتان لێ دەکەم، لە هەمانکاتدا دەمهەوێت پێشەکی پیرۆزبایی لە سکرتێرو (دەستەیی بەڕێوەبەری) ئەندامانی هەڵبژێردراوی سەرکردایەتی تازە بکەم و هیوای سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات بخوازم.

بەڕێزان کوردستان ڕازاوەو فرە ڕەنگە، دەبێت ئەم ڕازاوەیی و فرە ڕەنگیی بە دەرفەتێک بزانین بۆ دەستەبەر کردنی لەباری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی، ڕێزگرتن لەم فرە ڕەنگیی ئەرکی هەر مرۆڤێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتووە، هاوپێچییەکی یەکجار زۆر لە نێوان میتۆلۆژیای ئایینی یاری و ئایینەکانی دیکەی کوردستاندا هەیە، وێڕای ئاستەنگ و گرفتەکانی دەستی نەیار و دواکەوتوویی بە خۆشییەوە دەبێت بڵێین ئیستاکە فاکتەرەکانی پێوەندی و گەشەی زانست ئاستەنگ و گرفتەکانی ڕابردووی لە ژێر کاریگەری ئەرێنی ناوەو ئایینی یاری کە بیرەوەری (یادگار) باوباپیرانمانە جێگای ڕێزی هەمووانە.

بەڕێزان هڵکێش و داکێشەکانی ڕابردوو بە ئێمە دەڵێت کە بەشێک لە فەلسەفەی ئایینی یاری و لایەنگرانی بەرنگاری لە زۆرداری و داگیرکاری بووە، ئەم فەلسەفەیە هەموو ئێمەی کورد بەتایبەتی کوردانی سەربە ئایینی یاری کە لە دوو بواردا دەچەوسێنەوە ئەرکدار دەکات تا بە بەرز ڕاگرتنی ئەرکی نیشتیمانپەروەری بەها باڵاکانی دیکەی نەتەوەکەمان لە قیران و پیلانی نەیار بەپارێزین، هیوادارم هەمووومان بە هەر ئایینی و ئایدەیەکەوە وێڕای پاراستنی تایبەتمەندی تایبەت بە تاک، چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی بە ئەرکی سەرشان پێناسە بکەین، بەتایبەتی ئێوە بەشداران بەو فەلسەفە خەباتکارییەوە.

سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازی گەڵەکەمان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەیی دا:  فاتح ئارش